## ئیمەی لاوان هەمیشە کێشەکان بە قسەو بە کردار دەخەینە روو بەڵام کەسێک هەیە کە ناخوێنێتەوەو بەردەوام چاودێری رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفیزۆنەکان ناکات ئەویش دەستەڵات و حکومەتە ... ڕێژین ابراهیم

rezhen@maktoob. com



زۆرن ئەو کێشانەی لە کۆمەڵگاداهەن کە ڕووبەڕووی لاوان و چینو توێژەکان بۆتەوەو زۆرجاریش لە میدیاو ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکاندا ئاماژەی پێدراوە بەڵام تاچەند دەستەڵات و حیزب گوێیان لێی بووەو توانیویانە بەدواداچوونێکی وردومەیدانی لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن و مافو داواکاریەکانیانی گەنج فەراهەم بکەن بتوانن بەرەو ئاقارێکی باشی بەرن، بی گومان گەنجەکان لە بەر ئەوەی چینێکی تایبەتن لە قۆناغێکی ناسکی ژیاندا دەبێت زۆرترین حەقیان پێبدرێت، پێویستیشیان بە! مامەڵەکردن وخزمەتی تایبەت هەیەکە ئەمە لەووڵاتانی تردا زۆر حەقی پی دەدرێت بەڵام لەووڵاتی خۆمان زۆر بەرەو لاوازی وسست بوون دەروات، بۆیەشە داواکاری یەکانیان لە گەڵ داواکاری چینەکانی تری کۆمەڵ جیایە زۆر، زۆر جار ئەو کارەی گەنج پێی هەڵدەستێت دەستەڵات پێی ناخۆشە بە پێچەوانەشەوە، بۆنمونە دەبینیت حکومەت دەیەوێت لەرێگەی سەنتەری ڕۆشنبیریەکانەوە کایەیەکی سیاسی بۆ خۆی دەستەبەر بکات و گەنج بەلای خۆیدا کێش بکات و بەناوی ئەوەی کە سەنتەرێکی فکری و مەعریفی داناوەو دوورە لەسیاسەتەوە بەڵام دەبینین هەمویان ئەندامی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکاران و بانگەشەی بی لایەنیش دەکەن کە ئەمە جێگەی سەر سورمانە لەکوردستان، بە دەیەها سەنتەری حیزبی بەناوی لاوانەوە دەکرێتەوە کە ئەمە بۆ تێکدانی یاخود دووبارە تیرۆر کردنی ئەقلی گەنجە لە ئێستادا، بەدەیەها سەنتەرما!ن هەیە کە هەمووبان ناوەرۆکیان یاخود بیروباوەریان سەر بە حیزبێکە، یاخود پارە لە حیزبێکەوە وەر دەگرێت و دواتر نوسراوە سەنتەری ئازادی بیروڕای لاوان... هتد، ئەوگەنجەی کە دەچێتە ئەوی بە ئەقارێکی حیزبیدا دەروات و ناتوانێت لە پێناوی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیدا هەڵسوکەوتی ئازادانەی خۆی بکات وە لەو بازنەداخراوەی حیزب دا گری دەدرێت ناتوانی ئەو بوارە ڕۆشبیریەی کە خولیایەتی دراسەی بکات ئەگەر نوسینەکە بە ئاقارێکی تردا بەرەم کە پەیوندی دەستەڵات بەخودی گەنج و لاوانەوە پەیوەندیەکی پێچەوانەیە، چونکە هەندێك جار گەنج دەبینی دەسەڵات داواکاری یەکانی پشت گوی دەخات یاخود ئەوشتەی ئەو پێی باشە گەنج پێی باش نیە گەنج هەمیشە بواری بیرکردنەوەی فراوانە مرۆڤ! لە ژیاندا تا بەرەو تەمەن بروات عەقل و هۆشی یان بیر کردنەوەی لاواز دەبێت کە چی بەپێچەوانەشەوە ئەوەی دەیبینین کە دەستەڵاتی بەدەستەوە دەستەڵات دەگرێتە دەست و ئەو کورسیەی ژێری نادەت بەکەس بی گومان پیرە، کەواتە ئەو بۆچونەی کە گەنجێك هەیەتی لە پێشخستنی کۆمەڵگادا بی شك گەنجە دەیەوێت ژیان بگۆرێت دە یەوێت ریفۆرم بکات، ئەوکاتەش کە ناچار بوو دەستەڵات و حکومەت پشت گوی ی دەخەن حسابی بۆ ناکەن ئەویش دەست دەکات بە یاخی بون لە کۆمەڵگا دەتوانێت شێوەی

جیا جیا بەکار بهێنێت، لەوانە هەندێك جار دەیەوێت لە ڕێگەی ڕێپێوان دەستەڵات ناچار بکات کە گوێی لی بگرێت، ڕەنگە زۆر جاریش کۆچکردن بۆ هەندەران لەلایەن گەنجانەوە هەمان هۆکاری هەبێت بەتایبەتی کوران چونکە بەراستی کچان لەکۆمەڵگای ئێمەدا زۆر کراوە نیەو لە زۆر شتیش بی بەش کراوە، وە کە دێینە سەر قسەکردن لە سەر گەنجان هەمیشە کوران دەگرێتەوە! و ئەوانیش پشتگوی خراون باس ناکرێن چونکە کچانی گەنج ئەو بوارە فراوانە یان نیە بۆ خۆ دەرباز بوون لەو چوار دیوارەی ماڵەوە و بتوانن بەسەر بەرزی لەو بی دەنگییە بێنە دەرەوەو چارەنوسیان دیار بێت، کورانی گەنج لەو مەودایەدا دەیەوێت هەرچۆنێك بیت لەو وەزعە ناهەموارەو بی بایەغیە دەرچێت و لایەنێکی تری ژیان بگرێ کە ئەمە زۆر خەتەرە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە ناتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت ئەویش کۆچکردنی بە لێشاو بۆ هەندەران، ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە زۆر جاریش دەیەوێت لە ڕێگای تایبەتیەوە ریفۆرم بکات وە هەندێك جاریش ئەو پەری توانای دەخاتە کار بۆ ئەوەی فشارێکی وا لەسەر دەستەڵات درووست بکات بۆ ئەوەی چیدی دەستەڵاتە زل هێزەکان نەتوانن یاری بەچارەنوسە گەنج بکەن کە دەیە ها ساڵە بەدەستی ئەو دەستەڵاتە فاشیلەوە تەوق بووەو توانای خۆدەرباوز بوونی نیە هەروەکو ئەو ووتەیەی کە زۆرێك لە پیاوانی دەستەڵاتوو بەمەسوولەکانیشەوە دەڵێن (حکومەتەکەمان ساوایە هێشتا پێی نەگرتووە)، ئەگەر پێی بگرتایە دڵنیا بووم هە! موومنیان دەخوارد، بەڵام لێرەدا فاکتەرێکی زۆر گرنگ هەیەو دەبێت کاری بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە ئێمەی لاوان هەمیشە کێشەکان بە قسەو بە کردار دەخەینە ڕوو بۆ پێش خستنی ووڵاتە دەبێت کاری بۆ بکەین و جەختی لەسەر بکەینەوە هەمیشە بتوانین شێوازەکانمان هەڵەشە نەبن بەڵام بەهەمان شێوە کەسێك هەیەلەسەرەوە کە ناخوێنێتەوەو خوێنەواری نیە بەردەوام چاودێری ڕۆژنامەو گۆڤاروو تەلەفیزۆنەکان ناکات ئەویش دەستەڵاتە کە گوی بۆ هاوڵاتی ناگرێت و حساب بۆ ڕایگشتی هاوڵاتوو بەتایبەتی گەنجان ناکات چیدی گەنجانی ئەم ووڵاتە ناتوانن لەبەرام! بەر ئەم هەموو ناهەقییەدا گوزەری ژیان بکەن و ببنە کۆیلەی دەستی ئەم فیرع ەونانە و بیانکەنە داروو دەستەی خۆیان بەڵام دەبێت ئێمە ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە نەوەکانمان گەنجە تازە پێگەیشتووەکانمان نەوەی ئەم ووڵاتەن پەروەردەی دەستی ئەو خاکو نیشتمانەن کە خاوەنی رابردویەکی زۆر پاکن دەبێت بزانین سبەی دەبێت توێژی لاوان ئەم ووڵاتە بەرێوە ببات ژیان تاسەر بۆ ئەو قەسرو قسوران نابێت هەمووی جی دەهێڵن و سبەی مناڵەکانمان گاڵتەیان بەو مێژووەی ئێستا دێت کە لە گەندەڵی و بی سەرەو بەری هیچی تری لە خۆ نەگرتووە بۆیە دەبێت باش بەخۆتانا بچنەوە لەبەر ئەوەی کاتی ئەوە هاتووە ناچارتان بکەین کە بخوێننەوە ئەو شتانەی رووبەرووتان دەکرێت هەستی پێبکەن بڕواتان بە گفتوو گۆو قسە کردن هەبێت، حکومەت دەبێت بزانێت گەنج کێشەی چییە، بۆچی دەچێتە سەرجادە